تەندروستی هەولێر: توشبوویەکی دیکەی تای خوێنبەربون تۆمارکرا



بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر رایگەیاند، ئەمڕۆ توشبوویەکی دیکەی تای خوێنبەربون تۆمارکرا کە دانیشتوی گەڕەکی فەرمانبەرانی هەولێر و تەمەنی 47 ساڵەیە، لەمەیدانی ئاژەڵانیش کێن و فرێشتنی ئاژەڵ دەکات و لەهەمانکاتیشدا گشتفرۆشی گەڕەکە واتا ئاژەڵ لەماڵان سەردەبێت.

بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، 21ی ئەم مانگە ئەو توشبووە نەخۆش کەوتووە بە سەرئێشە و سك ئێشە و تای بەرز دەستیپێکردووە، پاشان چارەسەری لەلایەن چەندین نێرینگەی لاکێڵانان وەرگرتووە.
ئەوەشیخستەڕوو، باری تەندروستی بەرەو خراپی ڕۆیشتووە دواتر سەردانی نەخۆشخانەیەکی کردووە، پاش ئەوەی هەندێك پشکنینی سەرەتایی بۆ کراوە گومانی نەخۆشی تای خوێنبەربونی لێکراوە، بۆیە بۆ دڵنیابون ناردویانە بۆ بەشی نەخۆشیە گوازراوەکان لە فریاکەوتنی ناوەند.
تەندروستی هەولێر ڕونیشیکردۆتەوە، پاش وەرگرتنی نەخۆشەکە و جیاکردنەوەی لەشوێنی

تایبەت وەرگرتنی خۆن بۆ پشکنینی ڤایرسی تای خوێنبەربون بە PCR دەرکەوت کە نەخۆشەکە توش بوە پەتای تای خوێنبەربونە، بۆ دنیابونی بەتەواوی لە بەغداش هەمان ئەنجام بو، لەئێستاشدا لەژێر چاودێری پزیشکی پسپۆری هەناوەو چارەسەر وەردەگرێت".